وەزارەتی دەرەوە سەرکەنەی لەدوانەکانی ئیسرائیل دەکات



وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە توندترین شێوە ئیدانەی لەدوانەکانی بنیامین ناتانیاهۆی سەرکۆزیرانی ئیسرائیل سەبارەت بە بەناو "دیدگای گۆڕەی ئیسرائیل" کرد، کە بە ڕوونی تەماحی فراوانخوازی ئیسرائیل ئاشکرا دەکات و هەوڵەکانی بە تەکدانی سەقامگیری ناوچەکە پشتەاست دەکاتەوە.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق ئەمە پێنجشەممە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "بە توندترین شێوە سەرکەنەی لەدوانەکانی قۆناغی زایەنی دەکەین سەبارەت بە بەناو (دیدگای ئیسرائیلی گۆڕە)، کە بە ڕونی تەماحی فراوانخوازی ئەو قۆناغە ئاشکرا دەکات و هەوڵەکانی بە تەکدانی سەقامگیری ناوچەکە پشتەاست دەکاتەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، عێراق پێیوایە ئەو لەدوانانە "ئیستفزازییەکی ئاشکرای سەروەری دەوڵەتان و پێشێلکردنی ئاشکرای یاسا نێودەوڵەتییەکان و میساقی نەتەوە یەکگرتوەکانە" داوای هەوەستەکی ڕون و پتەوی عەرەبی و نێودەوڵەتی دەکات بە ڕوبەڕوبونەوەی ئەو جۆرە سیاسەتانە.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق باسی لەوەشکردوە، "ئەو لەدوانە ئاشکرایە هاوکاتە لەگەڵ بەردەوامبونی دەسەاتی داگیرکەر بە سیاسەتەکانی دەستدرێژی و ئەنجامدانی تاوان دژی گەلی فەلەستین".